# لەکی زارێکی زمانی کوردییە

سوداد ڕەسووڵ[١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/٠٤/٢٠ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/٠٨/١٥

**کورتە**

لەک وەک کۆمەڵە عەشیرەتێکی کورد بە درێژایی مێژوو پێکهاتەیەکی گرنگی نەتەوەی کورد پێک دێنن، لە ناوچەیەک نیشتەجێن لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە هەرێمی لوڕستان ناسراوە. ئەم هەرێمە سێ پێکهاتەی کوردی لە خۆ گرتووە کە بە لوڕ و لەک و کەڵهوڕ ناسراون. ئەم ناوچەیە لە مێژوودا بە ناوی جیاواز ناسراوە. سەلجوقییەکان کە لە سەدەی دوازدەمی میلادیدا بە سەر ئێران فەرمانڕەوا بوون، بۆ یەکەم جار لە باکووری ئەو ناوچەیە هەرێمێکی ئیداری دادەمەزرێنن بە ناوی کوردستان، ناوچەی لەکەکان ئەوسا بەشێک بووە لەو هەرێمە ئیدارییە، دواتریش بە ناوی دیکەی وەک لوڕستانی فەیلی و لوڕی بچووک ناسراوە. لەکەکان بە زارێکی کوردی قسە دەکەن کە لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لە زارەکانی دیکەی کوردییەوە نزیکە بە تایبەت لە زارە کوردییەکانی باشوور وەک کەڵهوڕی و لوڕی. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا کوردەکانی ئەم هەرێمە بە هۆکاری سیاسی و فەرهەنگی، هەروەها شیعەبوونی دانیشتوانەکەی، لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەویدا کە سەردەمی دەوڵەت ـ نەتەوەیە لە ئێراندا زۆر بە چڕی ڕووبەڕووی ئەسیمیلەبوون هاتوون، بە بەرنامە لە لایەن دەوڵەتەوە هەوڵ دراوە پێکهاتە کوردەکانی ئەم هەرێمە لە ناسنامەی کوردبوونیان داماڵرێن و بکرێن بە چەند پێکهاتەیەکی ئەتنیکی سەربەخۆ و زارە کوردییەکانیشیان بکرێن بە چەند زمانێکی سەربەخۆ. هەر لە درێژەی ئەم هەوڵانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە لایەن میراتی فەرهەنگی ئێرانەوە بە ڕەسمی زاری لەکی وەک زمانێکی سەربەخۆ تۆمار کرا، ئەمە لە کاتێکدا بە هەموو پێوەرەکانی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی، لەکی زارێکی زمانی کوردییە و زمانێکی سەربەخۆ نییە، بۆیە ئەم هەوڵەی کە لە ئارادایە بۆ ئەوەی لەکی بکات بە زمان و لەکەکانیش بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ، تەنیا هەوڵێکی سیاسییە و زمانەوانی نییە. بەرنامەیەکی سیاسیی دەوڵەتی ئێرانە بۆ ئەوەی لەک لە کورد دابڕێت.

**وشە سەرەکییەکان:** لەکی، لوڕی، لوڕستان، ئەدەبی زارەکی، زار، زمان، نەتەوەسازیی ئێرانی.

١– مامۆستای زارە کوردییەکان لە بەشی کوردی – فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران

# Laki: a dialect of Kurdish

Sudad Rasool[1]

Recive data: 2020/04/20 Accpte data: 2020/08/15

**Abstract**

The Lak is a group of Kurdish tribes throughout history who are considered to be an essential constituent of the Kurdish people. They live in a region in the eastern part of Kurdistan, which is known as the Luristan region. There are three Kurdish components in that region known as Lur, Lak and Kalhur. This region has been called different names throughout history. This area has been called by different names such as Kurdistn, Luristan Faili and Lesser Lur.

The Laks speak a pure Kurdish dialect and, in all linguistic aspects, is close to other Kurdish dialects, particularly with southern Kurdish dialects such as Kahluri and Luri. During the past century the Kurds of this area were subjected to intense assimilation and loss of cultural identity, especially in the time of Reza Pahlavi, an Iranian army officer who became the Shah of Iran in 1925, when he took power; he was trying hard to build a nation-state in Iran, with one language within one nation. He planned to establish a central modern, secular and national state, so to achieve these goals he focused on the Kurdish tribal area in the Luristan Region of Iran, subjugating them to the rules and orders of central government. In addition, he also adopted a systematic policy of divide and rule to break the national identity of the Kurdish people and transfer them to independent ethnic groups and their Kurdish dialects into separate and independent languages. On other hand, the Kurdish people in that region are followers of Shia, contrary to the majority of Kurdish people are followers of Sunni, this religious differences played a significant role that Iranian authority as a dominant Shia state to separate them from the majority of the Kurdish nation. As a continuation of this policy, the Iranian cultural heritage officially declared in recent years that Laki is a distinct language in itself and not a dialect; however, in all linguistic and social criteria, Laki is a dialect of the Kurdish language and has never been an independent language, these attempts therefore, are politically motivated by central government and has no linguistic background; in other words they are trying to separate the Laks from the Kurdish nation.

This paper explains the subject in the light of sociolinguistics; that Laki is a dialect of Kurdish because Laki is mutually intelligible with other Kurdish dialects in that area. In addition the Laks are socially and culturally part of the Kurdish people and have, throughout history, established cultural unity with the Kurds. Laki does not have a literary written history because the Gurani dialect was a Koiné for centuries for speakers of Luri, Kalhuri and Laki. But in the field of Oral literature Laki is very rich with different genres, sharing the same oral literature with the Kalhuri and Luri; this is also additional evidence that Laki belongs to a common culture with the other Kurdish components in Luristan.

**Keyword:** Laki, Luri, Luristan, Oral literature, dialect, language, Iranian nation building.

[1]- Soran University. Author and Researcher

## پێشەکی

لەکی وەک زارێکی زمانی کوردی ئاخێوەرانی لە هەرێمێک نیشتەجێن لە مێژوودا پێی گوتراوە لوڕستان، ئەم هەرێمە هەرچەندە بە سەرزەمینی لوڕەکان ناو براوە، بەڵام دانیشتوانەکەی هەمووو لوڕ نەبوون، بەڵکو گروپی دیکەی وەک کەڵهوڕ و لەک لە باکووری ناوچەی لوڕەکان نیشتەجێن، کە هەر یەک لەم گروپانە بە نەتەوە کورد و بە زمانیش ئاخێوەری چەند زارێکی زمانی کوردین. ئەم هەرێمە وەک جوگرافییایەکی کوردستان و زمانی کوردی، لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا زۆر بە چڕی دەکەوێتە بەر پرۆسەی ئەسیمیلەبوون، بە تایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کاتێک ڕەزا شا لە ئێران لە هەوڵی بەمۆدێرنکردن و دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوە بوو بۆ ئێران بە یەک زمان، کە ئەویش زمانی فارسی بوو. لەم سەردەمە هەوڵ دەدرێت بە هەر ڕێگەیەک بێت کوردەکانی ئەم هەرێمە لە کورد جودا بکرێنەوە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بناسرێن و دواتریش بە زمان لە نێو زمانی فارسی ئەسیمیلە بن و خۆیان لە بیر بکەن کە کوردن، واتە لە ناسنامە و فەرهەنگ و زمانی کوردی داماڵرێن. لە لایەکی دیکەوە ئەم هەرێمە کە دانیشتوانەکەی زۆرینەی بە مەزهەب شیعەی ئیمامین، بە هۆی ئەو ململانێ مەزهەبییەی کە لە نێوان شیعە و سوننە لە ئێراندا بە درێژایی مێژوو هەبووە، لەگەڵ کوردە سوننییەکانی سەرەوەی خۆیان پەیوەندییان بەهێز نەبووە، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیش لەنێوانیاندا نەبووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمی نوێشدا ئەم هەرێمە هەمیشە لە مەڵبەندی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردی دوور بووە، بۆیە نەتەوەخوازیی کوردی لەوێ زۆر لاواز بووە یان هەر نەبووە، هە ر لەسەر ئەم بنەڕەتە لە ڕووی ناسنامەی کوردبوونەوەش ناسنامەیەکی بەهێزیان نەبووە. ئەم کێشە مەزهەبییە کاریگەریی لەسەر زمان و زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمەش داناوە، زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمە لە زارەکانی دیکەی کوردی دوور دەکەونەوە لە فارسی نزیک دەبنەوە.

هەر لە درێژەی هەوڵی ئەسیمیلەکردنی پێکهاتە کوردەکانی ئەم هەرێمە، بەم دواییە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەرنامەیەکیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی لەکی، کە بە درێژایی مێژوو هەمیشە زارێکی زمانی کوردی بووە، لە زمانی کوردی جودا بکەنەوە، و وەک زمانێکی سەربەخۆ بیناسێنن. بۆ ئەم مەبەستە میراتی فەرهەنگی ئێران لە ڕێکەوتی ١٠ مرداد ١٣٩٦ (١ ئابی ٢٠١٧) بەرنامەیەک ڕێک دەخات و بە ڕەسمی ڕایدەگەینێت کە لەکی زمانێکی سەربەخۆیە و زار نییە، لە پاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک نووسەری لەکی زمان هان دراون بۆ ئەوە ی لە نووسینەکانیاندا لەکی وەک زمان و لەکەکانیش وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناو ببەن، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک کتێب سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی لەکی بە فارسی لە ئێران چاپ کراون تێیدا نکوولی لە کوردبوونی لەکەکان دەکەن. هەروەها ئەلفبێی لاتینیان بۆ لەکی داناوە بۆ ئەوەی بە ئەلفبێ و ڕێنووسیش لەکی لە ئەلفبێ و ڕێنووسی کوردی دوور کەوێتەوە.

لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە تیشک بخەینە سەر ئەم زارە کوردییە و لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕوونی بکەینەوە کە لەکی زارێکی کوردییە، بۆ بەرچاوڕوونی باسەکە لە پێشدا بە کورتی باسی جوگرافیا و مێژووی لوڕستان و لەکەکان دەکە ین، دواتریش پێوەرەکانی جوداکردنەوەی زار و زمان ڕوون دەکەینەوە و دەستنیشانی دەکەین کە بەپێی هەموو پێوەرەکان لەکی زارێکی کوردییە. ئەوجا بەکورتی باسی پاشخانی نووسراوی ئەدەبی بە لەکی دەکەین، لەگەڵ نیشاندانی چەند دەقێکی فۆلکلۆریی لەکی.

## لەک، جوگرافیا و مێژوو

لەکەکان کۆمەڵە عەشیرەتێکی کوردن لە نێو چیاکانی زاگرۆس لە هەرێمێک نیشتەجێن کە لە مێژوودا پێی گوتراوە لوڕستان. لەکەکان لەم هەرێمە لە ئێران بەردەوام تێکەڵ بەو ڕووداوانە بوون کە لە سەدەی دەیەمی میلادییەوە هەڵمەتی بەشیعەکردن لە هەرێمی لوڕستان دەست پێ دەکات. ئەم هەرێمە دوای بەشیعەکردنی گۆڕانێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بە سەردا دێت، هەرێمەکەش لە سەردەمی جیاواز بە ناوی جیاواز ناوی هاتووە. لەکەکان لە هەموو پێکهاتەکانی دی زیاتر لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە لەسەر زێدی خۆیان کۆچبەر کراون و بۆ ناوچەی جیاواز لە ئێران دوور خراونەتەوە. لە هەر ناوچەیەکیش لە ئێران و دەرەوەی ئێران لەکەکان ناسنامە ی کوردبوونیان پاراستووە. لە لوڕستانیش لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە فەرهەنگێکی هاوبەشیان هەیە، و پردی بەیەکگەیاندنی لوڕ و کە

ڵهوڕن پێکەوە. لەم بەشە بە خێرایی ئاوڕێک لە  مێژوو و جوگرافیای لوڕستان دەدەینەوە بە تایبەت لەو سەردەمەوە کە دانیشتوانەکەی دەکرێن بە شیعە.

## جوگرافیای هەرێمی لوڕستان لە مێژوودا

هەرێمی لوڕستان وەک هەرێمێکی ئیداری لە مێژوودا چەندین ناوی جیاوازی هەبووە. لە سەرەتای هاتنی ئیسلام ئەم هەرێمە بەهۆی شاخاویبوونی بە (منطقة الجبال) ناوی هاتووە.

دواتر لە سەردەمی سەلجوقییەکان لە سەدەی دوازدەمی میلادیدا کە بە سەر ئێران و ناوچەکەدا فەرمانڕەوا بوون، لە باکووری هەرێمی لوڕستان، لە سەردەمی سوڵتان سەنجەر دوایین پاشای سەلجوقی، هەرێمێکی ئیداری پێک دێنێت بە ناوی کوردستان کە مە ڵبەندەکەی قەڵاتی بەهار بوو لە باکووری ڕۆژئاوای هەمەدان، ئەم هەرێمەش لە ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای زاگرۆس، ویلایەتەکانی هەمەدان و دینەوەر و کرماشانی دەگرتەوە و لە ڕۆژئاواشی شارەزوور و سەنجابی دەگرتەوە (نیکتین، ١٣٦٦: ٧٥). کە ئەمە بە یەکەم ناوهێنانی کوردستان دادەنرێت لە مێژوودا، ناوی کوردستان وەک هەرێمێکی ئیداری  لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی لەک و کەڵهوڕ و لوڕە.

دوای ئەوە لە سەردەمی مەغۆل ئەم ناوچەیە ناوەکەی دەبێت بە لوڕستان و دابەش دەبێت بۆ لوڕی بچووک و لوڕی گەورە. ناوچەکانی لەکنشین لەگەڵ هەندێک ناوچەی کەڵهوڕنشین بە لوڕی بچووک ناویان هاتووە. ناوچەکانی خوارەوە پێی گوتراوە لوڕی گەورە کە شوێنی نیشتەجێبوونی لوڕی بەختیاری و مامەسەنی و بویر ئەحمەد و کۆهگیلۆییە. لەو کاتە لەکەکان بە لوڕی  بچووک ناویان هاتووە، هەروەها فەیلیشیان پێ گوتراوە، ناوچەکەش پێی گوتراوە لوڕستانی فەیلی، لە سەرچاوە مێژووییەکانیش هەردوو لوڕی بچووک و گەورە بە کورد ناویان هاتووە (طاهری، ١٣٩٧). دواتریش لە سەردەمی قاجاری ناوچەی لوڕستانی فەیلی یان لوڕی بچووک بۆ دوو یەکەی ئیداری دابەش بووە بەناوی پشتکۆ و پێشکۆ. ناوچەکە بەپێی زنجیرە کێویک بە ناوی کێوی کەبیر (کبیر کوه) لە یەک جودا کراوەتەوە: ئەو ناوچانە ی پشت ئەو کێوە پێی گوتراوە پشتکۆ کە ئوستانی ئیلامی ئێستا دەگرێتەوە و دانیشتوانەکەی بە زاری کەڵهوڕی دەدوێن، ناوچەکانی پێش ئەو کێوە پێی گوتراوە پێشکۆ کە ئوستانی لوڕستانی ئێستا دەگرێتەوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی لەک و لوڕی خورەمئابادییە. بێجگە لەم ناوانە سەرزەمینی لەکەکان لە ناوخۆیان پێشی گوتراوە لەکستان، بەڵام ئەم ناوەی دوایی هەرگیز ناوهێنانێکی ڕەسمی نەبووە، بەڵکو ناوچەیی بووە.

لە سەدەی بیستەم دوای هاتنە سەر کاری ڕەزا شا بۆ ئێران جارێکی دی ئەم ناوچەیە دابەش دەکرێتەوە، لە هەرێمی پشتکۆ ئوستانێکی نوێ دروست دەکرێت بە ناوی ئوستانی ئیلام کە ئەم ئوستانە هەتا ئێستا بە هەمان ناو ماوە. (Amanolahi, 2002:215) و دانیشتوانەکەی بە کەڵهوڕی دەدوێن.

بەپێی یەکەی ئیداری ئەمڕۆ لە ئێران، ناوچەی لەکنشینەکان دەکەوێتە ئوستانەکانی کرماشان و لوڕستان و هەمەدان و ئیلام. کە دواتر لە باسی ناوچەی لەکنشینەکان بە درێژی لەسەری دەدوێین.

لە خستنەڕووی ناوی ئەم هەرێمە بە چەندین ناوی جیاواز وەک دیارە کە ناوەکان زیاتر ناوی جوگرافی و ئیقلیمی و یەکەی ئیداری بوون ناوێک نەبوون کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی ئەم هەرێمە بکات، هەر بۆیە کە بەم هەرێمە گوتراوە لوڕستان بەو مانایە نەبووە کە گشت هەرێمەکە دانیشتوانەکەی لوڕن، بەڵکو ئەم هەرێمە بێجگە لە لوڕ دوو گرووپی دیکەی ئەتنیکی کوردی لە خۆ گرتووە کە ئەوانیش کەڵهوڕ و لەکن، بۆیە پێویستە ئەم سێ گرووپە لەم هەرێمە لە یەک جودا بکرێنەوە، چونکە لە ڕووی زمانەوەش بە زاری جیاوازیی کوردی دەدوێن. لە زۆربەی سەرچاوەکان بە تایبەت عەرەبییەکان ئەوانەی لەبارەی کوردە فەیلییەکان و هەرێمی لوڕستان نووسراون، فەیلییەکان و کەڵهوڕ و لەک و لوڕ هەموو بە لوڕ ناویان هاتووە، کە ئەمەش بە هەڵە ناوەکەی ڕۆیشتووە، هەر لەبەر ئەوەی ناوی هەموو هەرێمەکە لوڕستان بووە. فەیلییەکان بە شێوەزارێکی کوردیی کەڵهوڕیی دەدوێن، لەکیش بە شێوەزارێکی دیکەی کوردی دەدوێن و لە ڕووی پێکهاتەی عەشیرەتییەوەش لەگەڵ لوڕەکان جیاوازن، لوڕیش زارێکی دیکەی کوردییە لەگەڵ لەکی و کەڵهوڕی جیاوازە.




تصویر1 : نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیی زارە کوردییەکانی باشوور لە ئێران و عێراقدا[1]

## شیعە لە هەرێمی لوڕستان

لە دوای فتوحاتی ئیسلام هەرێمی لوڕستان لە ئێران خەڵکەکەی دەبن بە موسڵمان و لە سەرەتا سوننی مەزهەب بوون، بەڵام لە دوای سەدەی دەیەمی میلادی کە ئەم هەرێمە دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی ئال بویە کە بنەماڵەیەکی حوکمڕانی شیعە بوون بە سەر بەشێکی زۆری ئێران فەرمانڕەوا بوون بە لوڕستانەوە، لەو سەردەمە خەڵکەکەی لوڕستان وردە وردە بە شیعە دەکرێن. ئەم هەرێمە لە نێوان ساڵانی ١١٨٤ تا ١٥٩٧ زنجیرەیەک ئەتابگی لوڕ واتە فەرمانڕەوای ناوچەیەیی حوکمی لوڕستانیان کردووە. بەڵام دوای هاتنی سەفەوییەکان هەتا سەردەمی ڕەزا شا لە نێوان ساڵانی ١٥٩٧ تا ١٩٢٨ بنەماڵەی والی لە هەرێمەکە حوکمڕان بوون. ئەم دوو بنەماڵە حوکمڕانەش لە هەرێمەکە بۆ ماوەی نزیک بە هەشت سەدە جۆرێک لە حوکمڕانی نیوە ئۆتۆنۆمییان هەبووە. ئەم دوو بنەماڵەیە بۆ ئەو ماوە درێژە هەرێمی لوڕستانیان بە یەکگرتوویی هێشتەوە، و لە هێرشی عوسمانییەکانیشیان پاراست. (Amanolahi, 2002:193)

## سەردەمی سەفەوی و شەڕی چاڵدێران

بەڵام دوای ئەوەی سەفەوییەکان لە سەدەی شازدەم دێنە سەر حوکمڕانی ئێران گۆڕانیکی سیاسی و مەزهەبی گەورە لە ئێران دێتە کایەوە، ئەمجارە دەوڵەتی ئێران بە ڕەسمی دەبێت بە دەوڵەتێکی شیعە، دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی شیعەدا دەبن لە ئێران و وڵاتانی دەوروبەری. ململانێ و شەڕی مەزهەبی لەگەڵ عوسمانییەکان دەست پێ دەکەن کە سەر بە مەزهەبی سوننی بوون. لە سەرەتای حوکمڕانی دەوڵەتی سەفەویدا ئەتابگەکانی لوڕستان پشتیوانیان لە سەفەوییەکان کرد، دوای ئەوە کۆتایی بە ئەتابگەکانی لوڕ دێنێت و لوڕستان دەکات بە یەکێک لە چوار والینشینی سەر بە دەوڵەتی سەفەوی. هەرێمی لوڕستان دەبێت بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی شیعەی ئیمامی. دەوڵەتی سەفەوی تیشکی خستبووە سەر ئەم هەرێمە و زۆر بایەخی پێ دەدات، چونکە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی سوننی هاوسنوور بووە. والییەکانی لوڕستانیش لە لایەن شایەکانی سەفەوی هەمیشە جێگەی ڕێز و پەیوەندیشیان بەهێز بوو.

دواتریش لە شەڕی چاڵدێران لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، کە بووە هۆی شکستی هێزەکانی سەفەوی، کوردە لوڕ و لەکەکان بە حوکمی ئەوەی کە شیعە بوون لەم شەڕانە بەشدارییەکی گرنگیان هەبووە و پشتیوانیان لە دەوڵەتی شیعەی سەفەوی کردووە.

١– ئەم نەخشەیە بە تایبەت بۆ کتێبێک ئامادە کراوە کە لە لایەن نووسەرەوە لەبارەی زارە کوردییەکان نووسراوە.

لەم پاشخانە کورتە مێژووییەی لوڕستان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم هەرێمە لەم ماوە مێژووییە چۆن گۆڕانی سیاسی و مەزهەبی بە سەردا هاتووە، چۆن ئەم هەرێمە کوردنشینە لە زۆرینەی کوردی سوونە بە سیاسەت و مەزهەب دوور کەوتوونەتەوە و لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی شیعە نزیک بوونەتەوە، کە بێگومان ئەم دوور کەوتنەوەیە کاریگەریی لەسەر زمان و زارەکانی ئەم هەرێمەش داناوە، بە زمانیش وردە وردە لە زارەکانی دیکەی کوردییەوە دوور کەوتوونەتەوە لە فارسی نزیک بوونەتەوە. بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە سەرەڕای جودابوونەوە یان بە مەزهەب لە کوردی سوننە، لە ڕووی نەتەوە و زمان ئەوان هەمیشە بەشێک بوون لە کورد. هەر لەو سەردەمەش بووە کە شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەدا دەستنیشانی پێکهاتەکانی نەتەوەی کوردی کردووە و چوار پێکهاتەی کورد ناو بردووە: کرمانج. لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران (بدلیسی، 1343: 23). ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە کە لوڕەکان بە لەک و کەلهوڕەوە هەموو پێکەوە لەو سەردەمە بەشێک بوون لە کورد.

## سەردەمی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئێران

لە سەرەتای سەدەی بیستەم قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی ئێران دەست پێ دەکات، بە تایبەت دوای نەمانی حوکمڕانی قاجارەکان و دەستپێکردنی حوکمڕانی ڕەزا شا لە ئێراندا بە ناوی بنەماڵەی پەهلەوی، کە سەردەمی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە. ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٢١ بە هۆی کودتایەکەوە دەسەڵاتی لە ئێران گرتە دەست. هەر لە سەرەتای حوکمڕانییەکەی دەیویست دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە ناسنامەی ئێرانی و بە یەک زمان دروست بکات، کە ئەویش نەتەوەی ئێرانی و زمانی فارسی بوو، ئەم زمانەش وەک زمانی یەکەم و ڕەسمیی وڵات بە سەر هەموو نەتەوەکانی ئەو وڵاتە دەسەپێنێت، زمان و زارەکانی دیکەی غەیری فارسی بۆ خوێندن و چالاکیی نووسین و چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری قەدەغە دەکرێن، دژی فرەزمانی و فرەلەهجەیی بوو، دەیویست هەموو ئێران یەک زمانی هەبێت و زمانەکانی دی ئاسیمیلە بن.

ڕەزا شا لە سیستەمی حوکمڕانیدا هەوڵ دەدات لە ڕووی سوپا و ئیدارە و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئێران بە مۆدێرن بکات، لە هەمان کاتدا دەیویست ئێران وڵاتێکی عەلمانی بێت و بە شێوازێکی فەرهەنگی ئەورووپی بەڕێوە بچێت (ترابی، ١٣٨٧: ٣٣). لە هەوڵی ئەوەشدا بوو کە ئێران دەوڵەتێکی مەرکەزی و خاوەن سوپایەکی نوێی بەهێز بێت، خاوەن سیستەمی حوکمڕانی سەرانسەری بێت و لە هەموو سووچێکی وڵاتەکە یەک قانوون و یەک حکومەت بێت، هەر بۆیە زۆر دژی سیستەمی والینشینی عەشایەری و دەرەبەگی بوو، دەیویست هەموو عەشیرەتەکانی ناو ئێران ملکەچی یەک قانوونی حکومەتی مەرکەزی بن و نیشتەجێ بن و گەرمێن و کوێستان نەکەن.

لەم ڕووەوە هەرێمی لوڕستان کە ناوچەیەکی عەشیرەتی و والینشینی نیوەسەربەخۆ بوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە حوکمڕانییە نوێیە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاتر لەگەڵ حکومەتی ڕەزا شا ڕووبەڕوو بووەتەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٢٨ شەڕ و ململانێیەکی توند لە نێوان عەشیرەتەکانی لوڕستان و سوپای حکومەتی مەرکەزی ڕوو دەدات. ڕەزا شا سوپا دەنێرێت بۆ لوڕستان بە تایبەت لەو ناوچەیەی کە بە پشتکۆ و پێشکۆ ناسراو بووە واتە شوێنی نیشتەجێبوونی عەشیرەتەکانی لەک و لوڕ، بۆ سەرکووتکردنی عەشیرەتەکان و ملکەچپێکردنیان بە دەسەڵاتی مەرکەزیی ئێران. شەڕ و کوشتارێکی خوێناوی بووە لە نێوان هەر دوو لا، تا لەکۆتاییدا سوپا توانیویەتی ئەو هەرێمە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، ئەو سەرۆک عەشیرەتانەش کە سەرپێچیان کردووە لە سێدارە بدات. بە کۆنترۆڵکردنی ئەم هەرێمە، ڕەزا شا ئەو سیستەمە عەشیرەتییەش کۆتایی پێ دێنێت کە پێی دەگوترا والی و بۆ ماوەی نزیک بە هەشت سەدە لە لوڕستان بەردەوام بووە.(Amanolahi, 2002: 193-218 ) کە ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕاندنی هەموو پەیوەندییە عەشیرەتییەکان کە خەڵکەکە بۆ ماوەیەکی درێژ پێوەی پابەند بوون، دوای ئەوە ڕاستەوخۆ دەبەسترێنەوە بە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی لە تاران. دوای ئەوە بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی ئاسان دەبێت لەو هەرێمە قانوونەکانی حکومەتی مەرکەزی بە سەر خەڵکەکە جێبەجێ بکات، کە ئەویش سیاسەتی یەک فەرهەنگ و یەک زمان بوو، واتە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی ئەسیمیلەکردنیان لە نێو بۆتەی ئێرانی و زمانی فارسیدا. هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٣٥ بە ڕەسمی ناوی وڵاتەکەش دەکات بە ئێران بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی ئێرانی، لەنێو نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتەکەی، ناسنامەیەکی ئێرانی بە یەک زمانیان بۆ دروست بکات.(Abrahamian, 2008: 86)

لەو سەردەمە و بەو سیاسەتە فەرهەنگییە نوێیە، هەرێمی لوڕستان سەرزەمینێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەی نەتەوەسازیی ئێرانی تێدا جێبەجێ بکرێت. هەروەها لوڕ و لەک و کەڵهوڕ لەبەر ئەوەی شیعە بوون، ئەمەش دەرفەتێک بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران کە زۆر بەچڕی لە پرۆسەی نەتەوەسازیی ئیرانی بە نەتەوەی سەردەستیان ببەستنەوە کە شیعەن و دووریان بخەنەوە لە ڕیشەی کوردبوونیان. بە تایبەت لوڕەکان کە زمانەکەشیان لە دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکاندا لەگەڵ فارسی لە ڕیزی زمانە ئێرانییەکانی باشووری ڕۆژئاوا دانراوە، چونکە لوڕی لە نێو هەموو زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمە نزیکی لە فارسی زیاترە هەتا زارەکانی دیکەی کوردی.

لە هەمان کاتدا قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی خۆیان و سەپاندنی خوێندن بە زمانی فارسی، نامۆکردنیان بە مێژوو و ڕابردووی خۆیان لە سیستەمی پەروەردەدا، ناسنامەیەکیان پێدرا کە ئەوان ئێرانین و زمانی فارسی زمانی باڵادەست و زمانی نەتەوەکانی ناو ئێرانە، کە لە بەرانبەردا زمانی خۆیان هیچ بایەخێکی نییە و شایەنی ئەوەش نییە زمان بێت، بەڵکو لەهجەیەکی ئێرانییە و هیچ پلەوپایەیەکی نییە . لە لایەکی دیکەوە شیعەبوونی هەرێمی لوڕستان کە پەیوەندییان لەگەڵ کوردی سوننی کەمە، ئەمەش دەرفەتێکی لەبار بووە بۆ ئەوەی لە کوردی سوننی جودایان بکەنەوە و بە ناسنامەی ئێرانی شیعە و زمانی فارسییەوە بگیرسێنەوە.

لەم هەوڵانە بە چەند قۆناغێک کاریان کردووە: لە قۆناغی یەکەمدا ناسنامەی کوردبوونیان لاواز کردووە، لە قۆناغی دووەمدا بە پرۆسەی بەئێرانیکردن لە کورد دایان بڕیون و ناسنامەیەکی سەربەخۆی ناوچەییان بۆ ساز دەکەن، بەڵام هەر بە ئەسڵ ئێرانین، لە قۆناغی سێیەم زارەکەیان بە زمان دەناسێنن بۆ ئەوەی بە تەواوی لە هاونەتەوەیی لەگەڵ کورد و زمانی کوردی دوور کەونەوە، تا لە کۆتاییشدا زمانەکەیان ئەوەندە بێ بایەخ دەبێت بە تەواوی لە ناو زمانی فارسی و ناسنامەی ئێرانی دەتوێنەوە. ئەم سیاسەتە لەگەڵ هەر سێ پێکهاتە کوردەکانی ئەم هەرێمە: لوڕ، لەک، کەڵهوڕ لە سەد ساڵی ڕابردوودا زۆر بە چڕی جێبەجێ کراوە، هەر بۆ ئەوەی بوونی کورد لە ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم بێتەوە و جوگرافیای کوردستانیش لە ئێران قەوارەی بچووک بێتەوە و زمانە کوردییەکەشیان وردە وردە بێبایەخ بکرێت و لە ناو بچێت.

لەم هەوڵەیان لەگەڵ لوڕەکان(لوڕی بەختیاری و مامەسەنی و کۆهگیلۆیی) سەرکەوتوو بوون کە ئێستا لوڕەکان تەواو بە زمان و مێژووی خۆیان نامۆ بوون و خۆیان بە لوڕ دادەنێن نەک کورد. ئەمڕۆش هەمان بەرنامە لەگەڵ لەک و کەڵهوڕ جێبەجی دەکەن. لەگەڵ کەلهوریش ئەم هەوڵە هەیە، هێشتا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام زۆر بەچڕی کاریان لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی زمانەکەیان بکرێت بە فارسی و چیدی بە کوردی قسە نەکەن. لە شاری کرماشان کە گەورەترین شاری کوردییە و دانیشتوانەکەی بە کەڵهوڕی دەدوێن، ئێستا لەم شارە دانیشتوانە کوردەکەی بە ڕادەیەک ئەسیمیلە بوون زۆر بە کەمی بە کوردی قسە دەکرێت. لەگەڵ هەورامییەکانش لە ئێران هەمان بەرنامە لە ئارادایە کە وەک زمانێکی سەربەخۆ بیان ناسێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیک ئەوانیش لە کورد و زمانی کوردی دابڕن.

## جوگرافیای لەکنشین

لەکەکان لە چەند ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لە ئێران) نیشتەجێن. لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوستانی کرماشان لە هەرسین و سەحنە و کەنگاوەر دانیشتوانی لەک هەیە، لە ئوستانی لوڕستانیش نیوەی شاری خوڕەمئاباد لەکن، لە باکوور ئوستانی لوڕستان نوورئاباد و ئەڵیشتەر و لە ڕۆژئاوای کوهدەشت و پولدوختەر تەواو شاری لەکنشینن، هەروەها لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوستانی ئیلام، و باشوور و ڕۆژهەڵاتی هەمەدان دانیشتوانی لەک هەیە.

ئەمە بێجگە لەوەی لە زۆر شوێن بە پەرشوبڵاوی لە دووری زێدی خۆیان لە ئێران تیرە و عەشیرەتی لەک هەیە، چونکە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا لەبەر هۆکاری سیاسی و عەسکەری، لەکەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بۆ قەزوین و شیراز و کرمان و زەنجان و قوم و خوراسان کۆچیان پێ کراوە (نجفزادە قبادی، ١٣٩٥: ٦٩ - ٧٤).

لە کەلاردەشت و مازندەرانیش لە باکووری ئێران هەندێک عەشیرەتی لەک هەیە (قمندار، ٢٠١٤: ٧٤). لە دەشتی هەولێریش دوازدە گوندی لەک هەیە، کە نزیک بە دوو سەدە لەمەوبەر لە ناوچەی لەکەکان لە ئێرانەوە کۆچیان کردووە بۆ دەشتی هەولێر (حەمەخورشید، ١٩٨٥: ٦٠).

میهرداد ئیزەدی ئاماژە بەوە دەدات کە چەند هۆزێک بە ناوی لەک لە ئەدەنەوە بۆ ناوەڕاستی ئانادۆل هەیە، بەڵام ئیستا بە لەکی قسە ناکەن، هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە لە ناوچەی نێوان ئەدیامان بۆ ڕووباری جەیهان لە ڕۆژئاوای باکووری کوردستان لە تورکیا، دانیشتوانی لەک هەیە (Izady,167:1992) لەبارەی ژمارەی لەکەکان ئامارێکی تەواو لەبەر دەستدا نییە، بەڵام نزیک بە یەک ملیۆن تا یەک ملیۆن و نیو لەک هەیە (شهسواری، ١٣٩٤: ٤ و ٦).

لەکەکان زۆربەیان بە دین موسڵمان و سەر بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامین، بەڵام هەندێکیان سەر بە دینی ئەهلی هەقن. وا باوەڕ دەکرێت کە لە ڕابردوودا هەموویان پەیڕەوییان لە ئەهلی هەق کردووە، لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوو بوون بە شیعەی ئیمامی (هەمان سەرچاوە).

## لەکی زارە یان زمان؟

تۆمارکردنی لەکی وەک زمان لە لایەن میراتی فەرهەنگی ئێرانەوە، ئەم پرسیارە دێنێتە پێش کە بۆچی دەیانەوێت لەکی زمان بێت و زار نەبێت؟ چونکە ئەگەر زار بێت ئەوە دیارە لقی زمانێکە و ئەو زمانەش سەر بە نەتەوەیەکە، بەڵام ئەگەر چیدی زار نەبێت و بە زمان بناسرێت، واتە زمانێکی سەربەخۆیە و زاری هیچ زمانێک نییە و بە نەتەوەش سەربەخۆیە.

لەم بەشە هەوڵ دەدەین جیاوازیی زار و زمان ڕوون بکەینەوە، پێوەرەکانی جوداکردنەوەی زار و زمان دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە ئایا لەکی زاری زمانێکە یان زمانێکی سەربەخۆیە؟

بۆ جوداکردنەوەی زار لە زمان کۆمەڵێک پێوەری زمانەوانی دانراون، وەک لەیەکگەیشتن و لەیەکنەگەیشتنی دوو شێوەزمان واتە ئەگەر ئاخێوەری ئەو دوو شێوە زمانە لەیەک گەیشتن، دوو زاری زمانێکن، ئەگەر لە یەک نەگەیشتن دوو زمانن. پێوەری دووەم نزیکیی پێکهاتەی هەردوو شێوەزمانە لە یەک، واتە ئەگەر دوو شێوەزمان پێکهاتەی زمانەکەیان یەک بوو یان لە یەک نزیک بوو ئەوا هەردوو شێوەزمان دوو زاری زمانێکن، ئەگەر جیاواز بوون ئەوا دوو زمانن. ئەگەر بەم دوو پێوەرە زمانەوانییانەش نەگونجا بۆ ئەوەی دوو شێوەزمان لە یەک جودا بکرێنەوە و پۆلێن بکرێن زارن یان زمان، ئەوا پێوەری کۆمەڵایەتی سوودی لێ وەردەگیرێت، کە ئەمەیان زمانەوانی نییە. لەم پێوەرە واتە هەردوو شێوەزمان کۆمەڵێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووری و نەتەوەیی بە یەکەوەیان گرێ دەدات، وەک مێژوویەکی هاوبەش، دابونەریت و کەلەپووری هاوبەش، ئەمانە دەبن بە پێوەر بۆ ئەوەی ئەم شێوەزمانە ناسنامە زمانییەکەی دیاری بکرێت. زۆربە ی زمانەوانەکان پێیان وایە جوداکردنەوەی زمان و زار لە دەرەوەی پێوەرەکانی زمانەوانییە و زیاتر کۆمەڵایەتییە (Chambers & Trudgill, 1998: 4-5). بۆیە ئەگەر دوو شێوەزمان لە یەکگەیشتنیش بە باشی لە نێوانیاندا نەبوو، بەڵام ئاخێوەرانی مێژوویەکی هاوبەشیان بە یەکەوە هەیە و سەر بە یەک نەتەوەن، کەواتە ئەمانە دوو زاری سەر بە زمانێکن. نموونەی ئەم زارانە لە زمانەکانی دنیا زۆرە وەک زارەکانی زمانی چینی یان زارەکانی زمانی عەرەبی، کە لەهجەی زۆریان هەیە و لە یەکگەیشتنیش لە نێوان هەموو زارەکاندا وەک یەک نییە. لە نێوان هەندێک لە زارەکانی زمانی کوردیش لەیەکگەیشتن سەختە. هەندێک زاری کوردی لەگەڵ زارێکی دی جیاوازی لە ڕێزمان و وشەسازی و فەرهەنگۆکی وشەیان هەیە، بەڵام هەر بە دوو زاری کوردی دادەنرێن، چونکە ئاخێوەرانی بە درێژایی مێژوو سەر بە گرووپێکی ئەتنیکی هاوبەش بوون کە کوردن، بۆیە زمانەکەشیان زارێکی زمانی کوردییە، وەک هەورامی لەگەڵ زاری کوردیی ناوەند، یان کوردیی باکوور لەگەڵ کوردیی ناوەند، لەیەکگەیشتن لە نێوانیاندا کەمێک سەختە، بەڵام هەر بە دوو زاری زمانی کوردی دادەنرێن، ئەمەش بە هۆکاری هاونەتەوەیی ئاخێوەرانی هەردوو زارە. ئەم پێوەرە بە گونجاوترین پێوەر دادەنرێت بۆ جوداکردنەوەی زار لە زمان.

ئەگەر لەم ڕوانگەوە سەیری لەکی بکەین بە هەموو پێوەرکانی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی دەبێ زارێکی کوردی بێت، چونکە ئەم زارە لەگەڵ زارە کوردییەکانی دیکەی باشوور وەک کەڵهوڕی و لوڕی لەیەکگەیشتن لە نێوانیاندا هەیە، هەموو پێکەوەش زنجیرە دیالێکتێک[١] پێک دێنن کە درێژبوونەوەیەکی سروشتی یەک زمانە، بە پێکهاتی زمانیش هەمان پێکهاتەی زمانیی لەگەڵ کەڵهوڕی هەیە بە کەمێک جیاوازی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە پێوەری کۆمەڵایەتیش لەکی دەبێ زارێکی کوردی بێت، چونکە بە مێژوو و فەرهەنگ و زمان بە درێژایی مێژوو لەکەکان کورد بوون و زمانەکەشیان هەمیشە کوردی بووە.

کەواتە بە هەموو پێوەرەکان لەکی زارێکی کوردییە، چونکە لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لەکی زارێکی ڕەسەن و پاراوی کوردییە (بڕوانە هەردوو دەقی فۆلکلۆریی لەکی لە کۆتایی ئەم باسە). لە هەموو سەرچاوەکانیش لەکی هەر بە زارێکی کوردی ناوی هاتووە، نەک هەر لەکی، بەڵکو لوڕی و بەختیاریش هەر وەک چەند زارێکی کوردی ناویان هاتووە. ئەگەر سەرنجی چەند کتێبێک بدەین کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئێران چاپ کراون، واتە پێش ئەوەی پرۆسەی ئەسیمیلەکردنی لوڕستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە دەست پێ بکات. بۆ نموونە لە کتێبی (جغرافیای مفصل أیران) لە نووسینی مەسعود کەیهان کە لە ساڵی ١٣١١ هەتاوی (١٩٣٢ م) لە تاران چاپ کراوە، کە دێتە سەر ئەو زمانانەی کە لە ئێران قسەیان پێ دەکرێت، ناوی زمانی فارسی و بەلوچی و کوردی دێنێت، لە بارەی زمانی کورییەوە دەڵێت: "کوردی کە بە چەند لەهجە قسەی پێ دەکرێت، هەرچەندە لەهجەی بەختیاری و لوڕی کەمێک لەگەڵ کوردی جیاوازییان هەیە، بەڵام بە هۆی نزیکیی ڕیشەی ئەم زمانانە لەگەڵ یەک، دەکرێ هەر بە کوردی حیساب بکرێن" (کیهان، ١٣١١: ٤٨) ئەمەش دووبارە بەڵگەیە کە هەتا سییەکانی سەدەی بیستەم نەک هەر لەکی، بەڵکو لوڕی و بەختیاریش چەند زارێکی زمانی کوردی بوون.

کەواتە ئەو بەرنامەیەی کە ئەمڕۆ لە ئێران لە ئارادایە بۆ ئەوەی لەکی بکەن بە زمانێکی سەربەخۆ، بەرنامەیەکی سیاسییە و زمانەوانی نییە، ئامانجی ڕوونە کە دەیەوێت لەکەکان لە کورد دابڕن و چیدی کورد نەبن. وەک دیارە بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت، ئامانجی سیاسی چەندە بەهێز و بە دەسەڵات بێت بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان، بەڵام لە بەرانبەر ڕاستییە زانستییەکان ناتوانێت خۆی بگرێت و بەردەوام بێت.

## زاری کوردیی لەکی

ئەم زارە لە نێو زارە کوردییەکانی باشوور لەگەڵ کەڵهوڕی و لوڕی لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمانەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەکەوێتە نێوان کوردیی کەڵهوڕی و لوڕییەوە وەک پردی پەڕینەوەیە لە نێوان کەڵهوڕی بەرەو باشوور بۆ زاری لوڕی. ئەمەش زنجیرە دیالێکتی نێوان زارە کوردییەکان نیشان دەدات.

لەکی بە هۆی نزیکی لە ڕووی جوگرافییەوە لە کەڵهوڕی بە تایبەت لە کرماشان لە ڕووی وشە و ماناناسییەوە نزیکیان هەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتی ڕێزمانییەوە لێی جودا دەبێتەوە بە تایبەت لە لایەنی ئێرگەتیڤ کە لەکی هەیەتی و کەڵهوڕی نیەتی، هەر بۆیە بە زارێکی سەربەخۆ دانراوە. بەڵام لە ڕووی دەنگسازییەوە لە زاری گۆران نزیک دەبێتەوە، هەر بۆیە هەندێک لە توێژەران لە دابەشکردنی دیالێکتەکانی کوردی لەکی لەژێر زاری گۆرانی دادەنێن (جیهانفەرد، ٢٠١٥: ٢٦٥). توێژەرێکی دیکەی لەکی زمان تەیب تاهیری لە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە بنەچەی لەک و زمانەکەیان پێی وایە لەکی لە بنەڕەتدا زمانەکەیان گۆرانی بووە، بەڵام دواتر لە گۆرانی جودا بووەتەوە تێکەڵ بە وشەی فارسی و زار و زمانەکانی دەوروبەری خۆی بووە و زارێکی نوێی کوردی لێ پەیدا بووە بە ناوی لەکی (طاهری، ١٣٩٧).

---

[١]- زنجیرە دیالێکت continuum بە زنجیرە لەهجەیەک دەگووترێت کە لە لەناوچەیەکی جوگرافی قسەی پێ دەکرێت و لەگەڵ ناوچەی دەوروبەری خۆی جیاوازییەکی زۆر کەمی هەیە. ئەگەر کەسێک لە ناوچەکەی خۆی بە هەر ئاراستەیەک سەفەر بکات جیاوازییەکان وردە وردە زیاد دەبێت، بەرادەیەک کە قسەکەری هەردوو سەری کۆتایی ئەو ناوچەیە ناتوانن لەیەک تێبگەن یان بە زەحمەت لە یەک تێدەگەن.

نزیکیی لەکی لەگەڵ گۆرانی وای کردووە هەندێک جار دەقی گۆرانی بە سەختی لەگەڵ لەکی جودا بکرێتەوە، چونکە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گۆرانی لە لەکیدا هەیە. بەڵام لەکەکانی باشوور لە ئوستانی لوڕستان بە هۆی تێکەڵاوبوونیان و پێکەوەژیانیان لەگەڵ لوڕەکان، زارەکەیان زیاتر لە لوڕی نزیک بووەتەوە.

زۆرینەی لەکەکان لە هەردوو ئوستانی کرماشان و لوڕستان نیشتەجێن، ئەوانەی لە کرماشان لەگەڵ کورد دەژین خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام بەرەو لوڕستان و بۆ شاری خورەمئاباد لەوێ لەکەکان خۆیان بە لوڕ دەناسێنن، بۆیە ئەوان لەم بەینە دابەش بوون لە نێوان کورد و لوڕ.

## بنزارەکانی لەکی:

زاری لەکی لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازی هەیە، چەند بنزارێکی هەیە:

کوودەشتی: ئاخێوەرانی ئەم بنزارە لەکییە لە ڕۆژئاوای ئوستانی لوڕستانە.

هەرسینی: ئاخێوەرانی ئەم بنزارە لەکییە لە ڕۆژهەڵاتی ئوستانی کرماشانە و نزیکی لەگەڵ کەڵهوڕی هەیە.

ئەڵشتەری: ئاخێوەرانی ئەم بنزارە لە باکووری ڕۆژئاوای ئوستانی لوڕستان نیشتەجێن (شهسواری، ١٣٩٤).

## لەکی لە کاری ڕۆژهەڵاتناسیدا

لە پێشترین ڕۆژهەڵاتناسان کە لە نێو لەکەکان لەسەر لەکی کاریان کردووە ئۆسکار مان و ڤلادیمێر مینۆرسکییە کە هەردووکیان تەئکیدیان کرووەتەوە لەکی یەکێکە لە زارە کوردییەکانی باشوور. دوای مردنی ئۆسکار مان، کارل هادانک کارەکانی ئەو تەواو دەکات، ئەویش تەئکید دەکاتەوە کە لەکی کوردییە و لە لوڕی جیاوازە، هەروەها هەموو توێژەران لەوە دڵنیا بوون کە لەکی لەگەڵ زارەکانی دیکە ی کوردی سەر بە باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە، لوڕیش سەر بە باشووری ڕۆژئاوایە. ئۆسکار مان پێی وا بووە کە جیاوازیی لەکی لەگەڵ زارە کوردییەکانی دیکەی باشوور زۆر کەمە، هەر بۆیە لەکی لەگەڵ زارە کوردییەکان پۆلێن کردووە.

ڤلادیمێر مینۆرسکی کە چەندین توێژینەوەی سەبارەت بە هۆزەکانی ڕۆژئاوای ئێران نووسیوە، لە وتارێکی لەبارەی لەک لە ئینسکلۆپێدیای ئیسلامدا ئاماژە بەوە دەدات کە لەک لە هۆزە کوردییەکانی باشوورن لە ئێران .(Anonby, 2004: 9)

هەر لە کاری ڕۆژهەڵاتناسیدا، بەم دواییە، نووسەرێکی کەنەدی ئەریک جۆن ئانۆنبی توێژینەوەیەکی بەراوردی زمانەوانی لەبارەی لەکی لەگەڵ کوردی و لوڕی نووسیوە، دەیسەلمێنێت لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە لەکی لە کوردی نزیکترە هەتا لوڕی، چونکە لە ڕووی دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکان لەکی لەگەڵ کوردی سەر بە باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە، بەڵام لوڕی و فارسی سەر بە باشووری ڕۆژئاوایە، بۆیە بەپێی ئەم داتا زمانییە ئەم زارە سەر بە کۆمەڵە زارە کوردییەکانە.(Anonby, 2004: 7-22)

## مێژووی ئەدەبی کوردی بە لەکی

ئەم زارە کوردییە وەک زارەکانی دیکەی باشوور بە دەگمەن نەبێت ئەدەبی نووسراوی نەبووە، چونکە زۆربەی شاعیرانی لەکی زمان لە ژێر کاریگەریی ئەدەبییاتی گۆراندا بوون و هەر بەو زمانە ئەدەبییەش شیعریان نووسیوە، لەکی تەنیا زارێکی زارەکی بووە.

کاتێک باسی مێژووی ئەدەب بە زاری لەکی دەکرێت لە سەرچاوەکان ناوی کۆمەڵێک شاعیر دێن کە گوایە ئەوانە بە لەکی شیعریان نووسیوە، بەڵام لە ئەسڵدا زمانەکە لەکی نییە، زاری کوردیی گۆرانییە، لەوانەیە ئەمە لەبەر دوو هۆکار بێت یەکەم: ئەو شاعیرانە بە بنەچە لەکن یان دانیشتوانی ناوچەی لەکەکان بوون، دووەم: بە زمانی ئەدەبیی گۆرانی شیعریان نووسیوە کە زمانەکە تێکەڵ بووە بە وشە و دەستەواژەی لەکی، هەر بۆیە کاتێک یەکێکی لەک دەیخوێنێتەوە پێی وایە ئەمە زمانەکەی لەکییە، بەڵام لە ئەسڵدا هەر ئەو زمانە ئەدەبییەی گۆرانییە کە لەو سەردەمە زمانی ئەدەبی و هاوبەشی دەقی شیعری بووە، نەک هەر بۆ ئاخێوەرانی لەکی، بەڵکو بۆ ئاخێوەرانی زارەکانی کەڵهوڕی و لوڕیش، تەنانەت دەسەڵاتی زمانی ئەدەبیی گۆرانی ئەوەندە فراوان بووە گەیشتووە بە باشووری کوردستانیش،

ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندیش پێش دەرکەوتنی زمانی ئەدەبی بە کوردیی ناوەند هەر بەو زارە شیعریان نووسیوە، وەک مەولەوی و فەقێ قادری هەمەوەند.

کۆنترین شاعیری ئەم هەرێمە کە بابا تاهیری عوریانییە، لە زۆربەی سەرچاوەکان شوێنی لەدایکبوونی ئەم شاعیرە لە ناوچەیەک دەستنیشان دەکەن کە لەکنشین بووە. دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر وەک لە پێشدا وا ناسراو بوو کە شیعرەکانی بە لوڕییە، بەڵام دەقە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا وشە و پێکهاتەی ڕێزمانییان کراون بە فارسی و لە دەقە ئەسڵییەکەی دوور خراوەتەوە. توێژینەوە نوێکان سەبارەت بەو شاعیرە بەتایبەت لەسەر ٢٥ بەیتی شیعرەکانی بابا تاهیر کە لە مۆزەخانەی قۆنییە دۆزراوەتەوە و لەگەڵ کۆمەڵێک لە شیعرەکانی کە لە کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامی هەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەقانە، هەندێک نووسەری لەکی زمان پێیان وایە ئەو زمانەی کە بابا تاهیر شیعرەکانی پێ نووسیون زمانێکە لە لەکی نزیکە و لوڕی نییە (موسوی، ١٣٩٣: ٣٦). ئەم نزیکییەی شیعرەکانی بابا تاهیر لەگەڵ زاری لەکی بەشێکە لەو ئەدەبییاتەی کە بە زارە ناوچەییەکانی ڕۆژئاوای ئێران لەو ناوچەیە هەبووە و بە ئەدەبییاتی پەهلەوی یان فەهلەویات ناسراوە، کە لە دوای سەدەی دەیەمی میلادیدا ئەم شێوازە شیعرییە لە ئێران بە دەرکەوت و چەند شاعیرێک بەو زمانە شیعریان نووسیوە، کە زارێکی ناوچەیی بووە و تێکەڵ بووە بە وشە و دەستەواژەی زارەکانی ئەو هەرێمە، هەر بۆیە ئەم نزیکییە لەگەڵ زاری لەکی و لوڕی و زارەکانی دیکەی ئەو هەرێمە لە ناو شیعرەکانی بابا تاهیردا هەیە هەمان نزیکیی دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر لەگەڵ زاری گۆرانیشدا هەیە، بە تایبەت لە ڕووی ئەو فرمانانەی لە دوو بەیتییەکاندا بە کار هاتوون، زیاتر ئەوە دەردەخەن کە زمانەکەی سەر بە زاری گۆرانییە (حسینی آبباریکی، ١٣٩٢: ٤).

چەند شاعیرێکی دی کە گوایە بە لەکی شیعریان نووسیوە وەک سەید نوشاد ابوالوفایی کە لە سەردەمی نادر شای ئەفشار (١٦٨٨–١٧٤٧م) ژیاوە. خاوەن داستانێکی شیعری بە ناوبانگە بە ناوی (دار جەنگە = دار جنگە) (غضنفری، ١٣٧٨: ٥٧) کە ئەویش زمانی داستانەکەی بەشێک بووە لە ئەدەبییاتی گۆرانی و لەکی نییە. مەلا مەنوچێهری کولیوەند شاعیرێکی دیکەی بە بنەچە لەکە لە ئەڵیشتەر لە دایک بووە، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمی میلادی ژیاوە و کۆمەڵێک شیعر و قەسیدە و غەزەل و مەسنەوی لە پاش بە جێ ماوە، و دیوانەکەشی چاپ کراوە. (Dehqan, 2008: 298)[1] خان ئەلماسی لوڕستانی شاعیرێکی دیکەی بە بنەچە لەکە لە سەدەی یازدەم بۆ سەرەتای دوازدەمی هجری (١٠٧١٢ - ١١٣٨هجری) ژیاوە سەر بە دینی ئەهلی هەق بووە، و لە نوورئاباد لە دایک بووە.

ئەمانە و چەند شاعیرێکی دیکە کە بە بنەچە لەک بوون بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە بە لەکی شیعریان نووسیوە، بەڵام زمانەکە لەکی نییە، بەڵکو بە زمانێکی گۆرانی تێکەڵ بە لەکی شیعریان نووسیوە، بۆیە لەکەکان پێیان وایە ئەم زمانە لەکییە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەو زمانە ئەدەبییەی گۆران بووە و نزیکیی لەگەڵ لەکی هەیە بەڵام تەواو لەکی نییە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە لەکی لە ڕووی ئەدەبی زارەکییەوە زارێکی دەوڵەمەندە. چەندین ژانری ئەدەبی زارەکی لە نێو لەکەکان دەماودەم هاتووە، ڕەنگە گرنگترینیان ئەدەبی زارەکی دینی بێت بە هەر دوو گرووپی دینی شیعە و یارسانی، هەر لە زووەوە کەلامی یارسان بە شێوەی زارەکی لە نێو لەکەکاندا هەبووە. ژانرێکی دیکەی گرنگی ئەدەبی زارەکیی لەکی، هورەی لەکییە، کە لە لایەن هورەخوێنەوە بە شێوەی شیعر دەخوێنرێتەوە، لەبارەی ڕووداوێکی سروشتی وەک بوومەلەرزە، لافاو، یان دڵدارییەکی ناکام، هەندێک جاریش لەبارە ی مردنی کەسێک، هورە بە ئاوازێکی بە سۆزەوە بە شیعر دەخوێنرێتەوە. بابەتی دیکەی ئەدەبی زارەکی، شیعری فۆلکلۆرییە کە باسی سروشت و ژیانی ڕۆژانە دەکات. فاڵگرتن ئەویش پێی گوتراوە فاڵنامە بە شێوەی زارەکی گوتراوە. شینگرتن، کە ئەمەیان شینگێڕەکان ئافرەتن، تایبەتە بۆ مردنی کەسێک بە تایبەت لاوێک کە جوانەمەرگ بووە شینی بۆ دەگێرن بە شیعر بە شێوەی زارەکی دەگوترێت.[2]

---

1 - Mustafa Dehqan, Zîn-. Hördemîr: A Lekî Satirical Verse from Lekistan, Journal of the Royal Asiatic Society, Third Series, Vol. 18, No. 3 Cambridge University Press, (Jul., 2008), p.298.

2 - Ibid. P. 299 -300.

ئەگەر سەرنج بدرێت هەمان ژانرەکانی ئەدەبی زارەکی لە ئوستانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان لە لایەن ئاخێوەرانی زارەکانی دیکەی کوردییەوە هەیە وەک زارەکانی دەوروبەری لەکی، کە لوڕی و کەڵهوڕییە. ئەمەش جارێکی دی ئەو هاوفەرهەنگی ئاخێوەرانی ئەم زارانە دەسەلمێنێت کە سەر بە یەک فەرهەنگن و یەک نەتەوەن و یەک زمانن.

### دەقی ئەدەبی زارەکی فۆلکلۆری بە لەکی:

ئەم دوو دەقەی خوارەوە دوو دەقی زارەکیی لەکییە و نووسراونەتەوە.

### دەقێکی فۆلکلۆریی لەکی (لایە لایە) بۆ منداڵ

لاوە لاوە کەم لاوەم بەر بارێ — تا کوڕەم بچوو دەسگیرۆن بارێ
لاوە لاوە کەم لاوەم دوەروو بوو — ژیر سەر بەراکەم ڤەلگە چوەروو بوو
لاوە لاوە کەم لاوەم ئێ ڕاسە — ژیر سەر بەراکەم ڤەلگە ڕێواسە
لاوە لاوە کەم لاوەم بەر بارێ — وێژم پا بوی کوڕەم ژەن بارێ
لاوە لاوە کەم وە تونە مووشەم — دەنۆنێت زەڕە کاکوڵ ئەورێشم
هەی لاوە لاوە بەرقەکەم لاوە — ساتێ تۆ نوینەم جەرگەم کەواوە
لاوە لاوە کەم ئێ ماڵ بەینۆ دەر — چوارشێو ئەرووسی بکشینۆ سەر
لاوە لاوە کەم هەر ئێ دویرەوە — دوشمن کوڕەکەم بو ڤە تیرەوە
لاوە لاوە کەم ئەڕا ئێ تفڵە — شەماڵ بشانۆ زەنجیر ئێ زوڵفە

(نجفزاده قبادی، ١٣٩١: ٨٦-٩٣)

### دەقێکی گۆرانیی لەکی

دەسماڵ دەسەکەت بیلا دوو تا بوو — یەکی ئەورێشم یەکێ کەتان بوو
ئەر دووس بزۆنێ هالم چوینە — نە زوڵفێ مەیلی نە خاڵ ڤە سێنە
دەمەکەت بارۆ بنەر نۆم دەمم — بەڵکەم ساکت بوو دڵێ پڕ خەمم
بنویسن ڤە بۆن سەنگ مەزارەم — کوشتەی ئەشقم نەکەن ئازارم
کراست نازک مەخمەل ڤە پوسە — خوەشاڵ ڤە کوڕەی ڤە گەردت دووسە
خودا بسینێ هەقم ژە دایەت — مە ڕەنجم کیشا کی نیشت ڤە سایەت
نە قازێ دێرم نە قەڵەم دەوات — ڕازێ دڵەکەم بنویسم ئەرات

(هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٦٦ -١٧٥)

بە سەرنجدان لە هەر دوو دەقی فۆلکلۆری، جارێکی دی ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە زمانەکە لە ڕووی پێکهاتەی ڕستە و فەرهەنگۆکی وشە و دەستەواژەکانی، زمانێکی کوردییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە جیاوازیی لەهجەیی هەیە لەگەڵ زارەکانی دیکەی کوردی.

### ئەنجام

لەکەکان بە درێژایی مێژوو بەشێکی جودانەکراوەی نەتەوەی کورد بوون و بێگومان زمانەکەشیان زارێکی کوردی بووە. هەموو داتا زمانەوانییەکان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە لەکی نزیکترین زارێکە بە زمانی کوردییەوە. بە هەموو پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی زار و زمان، لەکی زارێکی زمانی کوردییە و زمانێکی سەربەخۆ نییە، چونکە لەکەکان بە ئاسانی لەگەڵ زارەکانی دیکەی کوردیی دەوروبەری خۆیان لەیەک تێ دەگەن، بە پێوەری کۆمەڵایەتیش لەگەڵ کوردی دەوروبەری خۆیان هاوفەرهەنگن و بە نەتەوە کوردن و بە زمانیش زارەکەیان کوردییە. سەرەڕای ئەمانە لە ڕووی ئەدەبی زارەکییەوەش زمانەکەیان تەواو کوردییە، هەموو ئەو ژانرە ئەدەبە زارەکییەی کە لە

لەکیدا هەیە لە زارە کوردییەکانی دەوروبەریدا هەیە. بۆیە بە پشتبەستن بەم بنچینە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە، هەرچی هەوڵێک بدرێت بۆ جوداکردنەوەی لەکی لە زمانی کوردی، هەوڵێکە بە ئامانجی سیاسییە و زمانەوانی نییە. هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە ئەم هەوڵەی ئەمڕۆ لە ئێران سەبارەت بەو زارە کوردییە لە ئارادایە بۆ ئەوەیە ئەم زارە کوردییە وەک زمانێکی سەربەخۆ بیناسێنن، ئەمە هەوڵێکی سیاسییە بۆ ئەوەی لەکەکان لە زۆرینەی کورد دابڕن و بیانکەن بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی بە نەتەوە و جوگرافیاش لە ئێران لە کورد و خاکی کوردستان جودا بینەوە، ئەم جۆرە سیاسەتەش لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا لە ئێران بەردەوام لەگەڵ ئاخێوەرانی کوردی ئەم هەرێمە لە لوڕستان جێبەجێ کراوە، لە ڕابردوودا لوڕ لە کورد جودا کراوەتەوە، ئەمڕۆ بە هەمان بەرنامە هەوڵ دەدرێت لەکیش لە کورد جودا بکەنەوە، بەڵام ڕاستییە مێژووییەکان و زمانەوانییەکان لەبارەی پێکهاتەی دانیشتوان و زمان لە لوڕستان لەگەڵ ئەم هەوڵە سیاسییە بۆ دابڕینیان لە کورد دژ دەوەستێت.

## سەرچاوەکان


- بە ئینگلیزی

1- Anonby Erik (2004), Kurdish or Luri? Laki's disputed identity in the Luristan province of Iran, Kurdish Studien, no. 4-5.
2- Abrahamian Ervand (2008), a History of Modern Iran, Cambridge University Press, UK.
3- Chambers, J.K. and Trudgill, Peter(1998), Dialectology, Cambridge University press.
4- Izady, Mehrdad R.(1992), a Concise Handbook, the Kurds, Taylor & Francis, London.
5- Dehqan, Mustafa (2008), Zîn- Hördemîr: A Lekî Satirical Verse from Lekistan, Journal of the Royal Asiatic Society, Third Series, Vol. 18, No. 3, Cambridge University Press.
6- Amanolahi, Sekandar (2002), Reza Shah and the Lurs: The Impact of the Modern State on Luristan, Iran & the Caucasus. 6 (1/2).

- بە فارسی

– بدلیسی، أمیر شرف خان. (١٣٤٣). شرفنامه، تأریخ مفصل کردستان، بامقدمه و تعلیقات و فهارس بقلم محمد عباسی، چاپ أفست علی اکبر علمی.
– غضنفری، اسفندیار. (١٣٧٨). گلزار ادب لرستان، مجموعه اشعار، انتشارات مفاهیم، تهران.
– نجف زاده قبادی، امید علی. (١٣٩٥). مردم شناسی قوم لک، انتشارات واژگان، تهران.
– نجفزاده قبادی، امید علی. (١٣٩١). ادبیات عامه لکی، انتشارات شاپور خواست، خرم آباد.
– شهسواری، فرامرز. (١٣٩٤). واج، تکواژ و واژه در زبان لکی، انتشارات طاق بستان، کرمانشاه.
– شهسواری، فرامرز. (١٣٩٤). توصیف ساختار زبان لکی، انتشارات طاق بستان، کرمانشاه.
– حسینی آبباریکی، سید آرمان. (١٣٩٢). بررسی ویژگی زبانی و دستوری دو بیتی‌های باب طاهر همدانی، پیام بهارستان، د ٢، س ٥، ش ٢٠.
– موسوی، سید حشمت الله. (١٣٩٣). هزار سال گمگشتگی، چاپ اول، تهران.
– طاهری، طیب.(١٣٩٧). شناسنامەی هویتی لک، هفتەنامه غرب، شماره ٥٨٥ و ٥٨٦.
– کیهان، مسعود. (١٣١١). جغرافیای مفصل ایران، مطبعه مجلس، تهران.
– ترابی، یوسف. (١٣٨٧). درآمدی بر ناسیونالیسم در ایران، فصلنامه خط اول ، سال دوم، شماره ٥.
– نیکتین، واسیلی. (١٣٦٦). کرد کردستان، ترجمه: محمد قاضی، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، تهران.

بە عەرەبی

– قمندار، اسماعیل. (٢٠١٤). دراسة اللهجات الكردية الجنوبية، مكتبة عدنان للطباعة و النشر و التوزيع، بغداد.

بە کوردی

- جیهانفەرد (ژیار)، سەجاد. (٢٠١٥). زمانی کوردی شێوەزارەکانی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٧، هەولێر.
- حەمەخورشید، فوئاد. (١٩٨٥). زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.